# تۆ وەك بارانی تەڕم ئەكەی

نەبەز گۆران

ئامانەتم

لەم سەر زەمینە

تازە كەوتومەتە سەر پێ

خۆم لە نیشتیمانم و

خەیاڵم

لە غەریبی

ماڵم لێرەیەو

یار لەوێ.

هەر دەبێ بڕۆم

دڵم وا ئەڵێ.

بڕۆم دوور لە كورد

نەخیشەی موجیبەت بگۆڕم

گوی لە تەنیایی بگرم

لەكەنار تۆوە دانیشم و

باسی سەعادەت بكەم.

جیهانی من پاکە

پڕە لە مۆسیقا و گۆرانی

پڕە لەحەنانەتی چاوەکانی تۆ

پڕە لە حەیای پرچەکانت و

لەئاوازی دەنگت.

پڕە لەشەرمی یەکەم بینین و

لەچرپەی بەر لە رۆشتن.

دەبی خۆم هەڵکەنم

تانەبمە دیوار

دەبی خۆم کۆکەمەوە

تابگەمە لات.

دەبی دەست هەڵگرم لە نیشتیمان

خۆم بدەمە بەر هەتاوی قسەکانت

خۆم بدەمە بەر سێبەری دڵت.

وەرە بەر پەنجەرکە من لێرەم

سەیرمکە چەند مەستم

چۆن دڵتەنگیم لی ئەچۆڕێ

چەن برینم لی ئەتکێ.

دەمێك مەستم و
دەمێك دڵتەنگ

کوا دایکم
پێی بڵێن جارێ نایەمەوە
جاری برینم زۆرە
جارێ عەزیەتم ئەدەن
نە لەخۆم ئەچم و
نە لە باوکم.
جارێ بێزارم
حەزەکەم بمرم نەك لە نیشتیمان بم.

سەیرکە
چەند لەدڵم ئەچی
تا ئەگەمە لات کاڵ ئەبمەوە
تا لەزانست ئێیتەوە
سەرەی مەرگمە

تا ئەتبینمەوە

عومرم بەکۆتا دێت.

لەبەردەم پەنجەرەی نیشتیمانا

سەیری تۆ ئەکەم چەند دووری

سەیری تۆ ئەکەم چەن سادەی

سەیری تۆ ئەکەم چەن خەمگینی

تۆ وەك غەریبی دڵم تەنگ ئەکەی

وەك گۆزەیەك ئاو پڕم

پڕم لەتەماشاکردنی تۆ

پڕم لە پێکەنین و

دڵشکان.

بڕێك جار

ئەوەنە تەنیام

لە شاعیر ئەچم

بڕێجاریش

بی تۆی سەرم گێژ ئەکاو

وەك سەر لە ئێوارە ئاوا ئەبم.

خاچی من چاکە کاریە

خاچی من تۆی.

من چاکەکارم

بۆیە تەنیام.

لە لقێك ئەچم وشك بوبێتەوە

لە نیوەشەوێك ئەچم ڕەش هەڵگەڕابێت.

لەپیری خۆم دور ئەگرم

نەکا لەبیرم کەی.

لە بێتاقەتی ڕائەکەم

نەکا ڕاچڵەکێیت.

سەیرکە

نەهەواڵی گوند ئەپرسم و

نەخەمی سپیەتی سەرمە.

مانگ ئەکەمە کۆلارەو هەڵی ئەدەمە سەر سەرت

هەتاو ئەکەمە کەبرو

ئەیدەم لەیەخەی حەوشەکەتان

من ئەزانم بێ هەتاوی سەختە

ئەزانم بی تۆیش دەردە.

تۆ وەك دەمەو بەیانی

حەزم لەئاوازی دەنگتە

پێم خۆشە بانگم کەی

پێم خۆشە ڕام چڵەکێنی.

من لە پیرێك ئەچم

هەڵوەریبێ

دیوارێك هەڵ ئەچنم بەبەرزای نیشتیمان

تاسەرم نەدا لە غەریبی.

پەرژینێك ئەچێنم لەدەوری باڵات

نەکا بی تۆی سەرم بخوا.

تۆ ئاوازێکی

لەتەنیایا گۆێی لێ ئەگرم.